پادشایەك هەبوو لە سەردەمی پێش ئێوە، وجادووگەرێکی هەبوو

لە سوهەیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پادشایەك هەبوو لە سەردەمی پێش ئێوە، وجادووگەرێکی هەبوو کاتێک جادووگەرەکە پیر بوو بە پادشای ووت: من چومەتە تەمەنەوە ومنالێکم بۆ بنێرە با فێری جادووی بکەم، ئەویش منداڵێکی بۆ نارد تا فێری بکات، تازە پێگەیشتووەکە لەو ڕێگایەی کە هاتوچۆی پێدا دەکرد؛ خواناسێکی گۆشەگیر بەدی کردبوو ولە لای دادەنیشت، وگوێی لە قسەکانی ڕادەگرت وپێی خۆش بوو، جا کاتێک دەچوو بۆ لای جادووگەرەکە بە لای خواناسەکەدا دەڕۆیشت ولە لای دادەنیشت، وبەهۆی دواکەوتنیەوە جادووگەرەکە لێی دەدا، ومنداڵەکە سکاڵای بردە لای خواناسەکە، ئەویش ووتی: ئەگەر لە جادووگەرەکە ترسای بڵێ: لەماڵەوە دوایان خستم، کاتێکیش لە ماڵەوە ترسایت بڵێ جادووگەرەکە دوای خستم، لەکاتێکدا ئەو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو وڕۆژێکیان هات وبینی ئاژەڵێکی گەورە ڕێی لە خەڵکی گرتووە، ووتی: ئەمڕۆ دەزانم، ئایا جادووگەرەکە باشترە یان خواناسەکە؟ بەردێکی هەڵگرت و ووتی: خوایە ئەگەر کردەوەی خواناسەکەت لەلا خۆشەویستترە لە کردەوەکانی جادووگەرەکە؛ ئەم ئاژەڵە بکوژە تا خەڵکی دەربازیان بێت، وبەردەکەی تێگرت وئاژەڵەکەی کوشت وخەڵکەکە دەربازیان بوو، وپاشان هات بۆلای خواناسەکە وئەمەی بۆ باسکرد، کابرای خواناسیش پێی ووت: ئەی کوڕی خۆم، ئەمڕۆ تۆ لە من باشتری، کارت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە من دەیبینم، ودڵنیابە تووشی تاقیکردنەوە دەبیت، جا ئەگەر تووشی تاقیکردنەوە بوویت، هەواڵ لەسەر من نەدەیت، وبەهەمان شێوە تازە پێ گەیشتووەکە گەیشتە ئاستێک کوێری زگماگ وبەڵەکی چاك دەکردەوە، ودەرد ونەخۆشییەکانی دیکەیشی چارەسەر دەکرد، وهاوکۆڕێکی پاشا کوێر ببو وهەواڵی تازە پێگەیشتووەکەی بیست، وبە خەڵات زۆرەوە هات بۆ لای، ووتی: هەموو ئەم دیاریە بۆ تۆ ئەگەر چاکم بکەیتەوە. ئەویش ووتی: من کەس چاك ناکەمەوە، بەڵکو هەر تەنها خودای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەگەر تۆیش باوەڕ بە خودا بهێنیت، داوات بۆ دەکەم خودای گەورە چاکت بکاتەوە، ئەویش باوەڕی بە خودا هێنا وخودای گەورە شیفایدا، وپاشان کابرا چووە بۆ لای پادشا ولە لای دانیشت هەروەك چۆن لەپێشدا دادەنیشت، پادشا پێی ووت: کێ چاوی پێدایتەوە؟ ووتی: پەروەردگارم، (پادشا) ووتی: بۆ پەروەردگارێکی ترت هەیە جگە لە من؟ ووتی: پەروەردگاری من و تۆیش هەر الله یە، ئەویش گرتی ودەستی کرد بە ئەشکەنجە دانی تاوەکو خەبەری لە منداڵەکە دا، ئینجا منداڵەکەیان هێنا، پادشا پێی ووت: کوڕە بچکۆلەی خۆم، لە جادووگەرییدا گەیشتوویتە ئاستێك کە کوێر وبەڵەکی چاك دەکەیتەوە، وئەوە وئەوە دەکەیت، وکوڕە منداڵەکە ووتی: من کەس چاك ناکەمەوە، تەنها هەر خودای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، وئەویشی گرتی ودەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی، تا منداڵەکە هەواڵی دا سەبارەت بە کابرای خواناس، وخواناسەکەیش هێنرا وپێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، وپادشا بانگی کرد ومشار هێنرا وسەری کرا بەدوو کەرتەوە، پاشان هاو کۆڕەکەی پادشا هێنرا، وپێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە ئەویش ڕازی نەبوو، وبەمشار سەری کرا بەدوو کەرتەوە، وئینجا منداڵەکەیان هێنا و پێی ووترا لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، وپاشان دای بەدەست کۆمەڵێك لە پیاوەکانی و ووتی: بیبەن بۆ سەر ئەو شاخە وسەری بخەن بەسەریدا، کە گەیشتنە لوتکەکەی شاخەکە، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە، ئەگەر نا فڕێیبدەنە خوارەوە، ئەوانیش بردیان وبە شاخەکەدا سەریان خست، ومنداڵەکە ووتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە، وشاخەکە کەوتە لەرزین وئەوان کەوتنە خوارەوە، وئەویش هاتەوە بۆ لای پادشا، وپادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ ووتی: خودا لە کۆڵمی کردنەوە، وئەویش دایەوە دەست چەند کەسێکی دیکە لە پیاوەکانی و ووتی: بیبەن لە بەلەمێکدا هەڵیبگرن تا دەگەنە ناوەڕاستی دەریاک، وئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە ئەگەر نا فڕێیبدەنە ناوی، وئەوانیش بردیان، ومنداڵەکە ووتی: خودایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە، وبەلەمەکە هەڵگەڕایەوە وهەموو نوقم بوون، وئەویش پاش ئەوەی دەربازی بوو هاتەوە بۆ لای پادشا، وپادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان لێهات؟ ووتی: خودا لە کۆڵمی کردنەوە، وئینجا بە پادشای ووت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت،

هەتا چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت، ووتی: ئەوە چییە؟ ووتی: خەڵکی هەموو لە یەك گۆڕەپاندا کۆ بکەرەوە وبم بەستە بەداڕێکەوە، وپاشان تیرێك دەربهێنە، وتیرەکە بخەرە ناو کەوانەکەوە وپاشان بڵێ: بە ناوی خودای پەروەردگاری منداڵەکە ودوای ئەوە تیرەکەم تێبگرە، ئەگەر تۆ ئەمەت کرد، ئیتر دەمکوژیت، وئەویش هەموو خەڵکی لە یەك شوێندا کۆکردەوە و لەسەر لقی دارخورمایەک منداڵەکەی بەستەوە، وپاشان تیرێکی لە هەڵگرت، وخستیە ناو کەوانەکەوە، ووتی: بە ناوی خودا، پەروەردگاری منداڵەکە، وتیرەکەی تێگرت، وبەر لایەکی سەری کەوت، ومنداڵەکە مرد، وپاشان خەڵکی هەموو ووتیان: باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، وپیاوێک هات بۆ لای پادشا وپێی ووت: ئایا دەزانیت ئەوەی لێی دەترسایت سوێند بە خودا ئەمڕۆ ڕووبدا، خەڵکی تازە باوەڕیان هێنا، ئەویش فەرمانی دەرکرد بە چاڵ هەڵکردن لەسەر کوچە و کۆڵانەکان و ئاگریان تێدا کرایەوە وپادشاکە ووتی: هەرکەسێک لە دینەکەی پاشگەز نەبوویەوە بیسوتێن، یان پێی بووترێت: خۆتی تێ فڕێبدە، ئەوانیش وایان کرد، هەتاوەکو تەنانەت ژنێك هات منداڵێکی خۆی پێ بوو، سڵی کرد وترسا لەوەی خۆی تێ فڕێدا، ومنداڵەکەی پێی ووت: دایە ئارام بگرە، چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر هەقیت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە ئومەتانی پێش ئێمە پادشایەك هەبوو، وجادووگەرێکی هەبوو، کاتێک جادووگەرەکە پیر بوو بە پادشای ووت: من چومەتە تەمەنەوە وگەنجێکم بۆ بنێرە با فێری جادووی بکەم، پادشاکە گەنجێکی بۆ نارد تا فێری سیحری بکات، ولە ڕێگای گەنجەکەدا کە هاتوچۆی پێدا دەکرد؛ خواناسێکی گۆشەگیر هەبوو وگەنجەکە جارێکیان لە لای دانیشت، وگوێی لە قسەکانی ڕاگرت وپێی خۆش بوو، جا کاتێک دەچوو بۆ لای جادووگەرەکە بە لای خواناسەکەدا دەڕۆیشت ولە لای دادەنیشت، بۆیە جادووگەرەکە لێیدەدا بەهۆی دواکەوتنیەوە، وگەنجەکە سکاڵای ئەمەی لای خواناسەکە کرد، وئەویش ووتی: ئەگەر لە جادووگەرەکە ترسای بڵێ: لە ماڵەوە دوایان خستم، کاتێکیش لە ماڵەوە ترسایت بڵێ جادووگەرەکە دوای خستم، لەکاتێکدا ئەو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو؛ ڕۆژێکیان بینی ئاژەڵێکی گەورە ڕێی هاتوچۆی لە خەڵکی گرتووە، ووتی: دەبێ ئەمڕۆ بزانم، ئایا جادووگەرەکە باشترە یان خواناسەکە؟ بەردێکی هەڵگرت، ووتی: خوایە ئەگەر کردەوەی خواناسەکەت لەلا خۆشەویستترە لە کردەوەکانی جادووگەرەکە؛ ئەم ئاژەڵە بکوژە تا خەڵکی دەربازیان بێت، وبەردەکەی تێگرت وئاژەڵەکەی کوشت وخەڵکەکە دەربازیان بوو، وپاشان هات بۆلای خواناسەکە وئەمەی بۆ باسکرد، وکابرای خواناس پێی ووت: ئەی کوڕی خۆم، ئەمڕۆ تۆ لە من باشتری، کارت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە من دەیبینم، دڵنیابە تۆ تووشی تاقیکردنەوە دەبیت، وجا ئەگەر تووشی تاقیکردنەوە بووییت، هەواڵ لەمن مەدە، لە کاتێکدا تازە پێگەیشتووەکە وای لێهاتبوو کوێری زگماگ وبەڵەکی چاك دەکردەوە، ودەرد ونەخۆشییەکانی دیکەیشی چارەسەر دەکرد بە ئیزنی خودای گەورە، وهاو کۆڕێکی پادشا کە کوێر ببوو ئەمەی بیست، وبە خەڵاتێکی زۆرەوە هات بۆ لای تازە پێگەیشتووەکە، ووتی: هەموو ئەم دیاریە بۆ تۆ ئەگەر چاکم بکەیتەوە. وگەنجەکە ووتی: خۆ من کەس چاك ناکەمەوە، بەڵکو هەر تەنها خودای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەگەر تۆیش باوەڕ بە خودا بهێنیت، داوات بۆ دەکەم خودای گەورە چاکت بکاتەوە، ئەویش باوەڕی بە خودا هێنا وخوای گەورە چاکی کردەوە، وپاشان هاتەوە بۆ لای پادشا و لە لای دانیشت هەروەك چۆن لەپێشدا دادەنیشت، وپادشا پێی ووت: کێ چاوی پێدایتەوە؟ ووتی: پەروەردگارم، وپادشا ووتی: بۆ پەروەردگارێکی ترت هەیە جگە لە من؟ ووتی: پەروەردگاری من و تۆیش هەر اللە یە. ئەویش گرتی ودەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی تاوەکو خەبەری لە گەنجەکە دا، وپاشان گەنجەکەیان هێنا، وپادشا پێی ووت: کوڕی خۆم، لە جادووگەرییدا گەیشتوویتە ئاستێك کە کوێر وبەڵەکی چاك دەکەیتەوە، وئەوە وئەوە دەکەیت. وگەنجەکە ووتی: من کەس چاك ناکەمەوە، تەنها هەر خودای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، وئەویشی گرت ودەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی، تا گەنجەکە هەواڵی دا سەبارەت بە کابرای خواناس. وخواناسەکەیش هێنرا وپێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، وپادشا بانگی کرد وبەمشار سەری کرا بەدوو کەرتەوە. پاشان هاودەمەکەی پادشا هێنرا، وپێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە ئەویش ڕازی نەبوو، وبەمشار سەری کرا بە دوو کەرتەوە. وپاشان گەنجەکە هێندرا و پێی ووترا لە دینەکەت پاشگەز بەرەوە، وئەویش ڕازی نەبوو، وپادشاکە گەنجەکەی دایە دەست کۆمەڵێك لە پیاوەکانی لە نێوان سێ بۆ دە کەس دەبوون. ووتی: بیبەن بۆ سەر ئەو شاخە وسەری بخەن بەسەریدا، کە گەیشتنە لوتکەکەی شاخەکە، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە، وئەگەر نا فڕێبدەنە خوارەوە، ئەوانیش بردیان وبە شاخەکەدا سەریان خست. وگەنجەکە ووتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە، وشاخەکە زۆر بە تووندی کەوتە لەرزین وئەوان کەوتنە خوارەوە، وئەویش هاتەوە بۆ لای پادشا. وپادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ ووتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە. وپادشا گەنجەکەی دایەوە دەست چەند کەسێکی دیکە لە

پیاوەکانی، ووتی: بیبەن لە بەلەمێکدا هەڵیبگرن تا دەگەنە ناوەڕاستی دەریاکە، وئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە وئەگەر نا فڕێیبدەنە ناو دەریاکەوە. ئەوانیش بردیان، وگەنجەکە ووتی: خودایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە، وبەلەمەکە هەڵگەڕایەوە وهەموو نوقم بوون، وگەنجەکە هاتەوە بۆ لای پادشا. وپادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ ووتی: خودا لە کۆڵمی کردنەوە، وپاشان گەنجەکە بە پادشای ووت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت، هەتا چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت. پادشا ووتی: ئەوە چییە؟ ووتی: خەڵکی هەموو لە یەك گۆڕەپاندا کۆ بکەرەوە، وبم بەستە بە دارێکەوە، وپاشان تیرێک دەربهێنە، وتیرەکە بخەرە ناو کەوانەکەوە وپاشان بڵێ: بە ناوی خودای پەروەردگاری گەنجەکە، ودوای ئەوە تیرەکەم تێبگرە، وئەگەر تۆ ئەمەت کرد، ئیتر دەمکوژیت، وئەویش هەموو خەڵکی لە یەك خاکدا کۆکردەوە و لەسەر لقی دارخورمایەک منداڵەکەی بەستەوە، وپاشان تیرێکی لە هەڵگرت، وخستیە ناو کەوانەکەوە، ووتی: بە ناوی خودای پەروەردگاری گەنجەکە، وپاشان تیرەکەی تێگرت، وبەر لایەکی سەری کەوت ومرد. خەڵکی ووتیان: باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە. وپیاوێک هات بۆ لای پادشا وپێی ووت: ئایا بینیت ئەوەی لێی دەترسایت؟ سوێند بە خودا ئەمڕۆ ڕوویدا، ئەویش بریتی بوو لەوەی خەڵکی شوێنی گەنجەکە کەوتن وهەموویان باوەڕیان بە پەروەردگاریان هێنا، پاشان پادشا فەرمانی کرد بە هەڵکەندنی چاڵی گەورە لەسەر کوچە وکۆڵانەکاندا وئاگریان تێدا کرایەوە، وپادشا ووتی: هەرکەسێک لە دینەکەی پاشگەز نەبوویەوە فڕێی بدەنە نێویەوە، وئەوانیش ئەوەی پادشاکە فەرمانی پێکردبوو جێبەجێیان کرد، هەتاوەکو تەنانەت ژنێك هات منداڵێکی خۆی پێ بوو، ووەستا لە شوێنی خۆی وترسا بچێتە نێو ئاگرەکەوە، ومنداڵەکەی پێی ووت: دایە ئارام بگرە، چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر هەقیت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3303